

## شەقام و پارکەکان نیشتمان و ماڵی شێتەکانن.

هاووڵاتییەك: زۆر شەرمە تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە نەخۆشخانەیەکی دەروونی بکاتەوە.

**ڕاپۆرت: ئاسۆ**

لەهەموو کۆمەڵگەکاندا خەڵکانێك بەهۆی هەر هۆکارێکەوە بێت چ زگماکی چ کێشەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی یان هەر هۆکارێکی ترەوە بێت ژیریی و عەقڵیان لەدەستداوە یان تووشی کێشەی دەروونی بوون، لەکوردستان بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییانەی کەبوونی هەیە خەڵکانێکی زۆر هەن تووشی گرێ و نەخۆشی دەروونی بوون یان هۆش و عەقڵیان لەدەستداوە، لەزمانی باوی کۆمەڵگەی خۆماندا بەم کەسانە دەوترێت شێت.

سلێمانی بە یەکێك لەشارە پێشکەوتووەکانی عێراق دادەنرێت، لەسەر ئاستی کوردستانیش بەپایەختی ڕۆشنبیریی و فەرهەنگی ناسراوە، وەلێ تا ئێستا شێتەکانی بەسەر شەقام و کۆڵانەکانی شاردا بلاوبوونەتەوە و ئەمەش دیمەنی شارستانی و مۆدێرن بوونی خەڵکی ئەم شارە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو خێزانانەی کە بەهۆی هەر ڕووداوێکەوە بێت یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان تووشی کێشەی دەروونی بووە یان عەقڵی خۆی لەدەستداوە دو ڕێگە دەگرنە بەر یان لەماڵەوە دەیانبەستنەوە یان بەرەڵڵای کۆڵان و سەرشەقامەکانیان دەکەن کە لەهەر دوو حاڵەتەکەدا ئەو خێزانانە تووشی کێشەو گرفتی قورس و حاڵەتی دەروونی ناخۆش دەبنەوە، هاولاتیانی شاری سلێمانی بێزارو نیگەرانی خۆیان لە بلاوبوونەوەی شێتەکاندا بەسەر شەقام و کوچەو کۆلانەکاندا دەردەبڕن و لەمێژە قسەیان لەبارەوە کردووە.

هاوار سەعید– وتی: زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئەقڵیان لەدەستداوە، هەیانە ساڵ و دووساڵ و بگرە زیاتریشە ئاو بەرگیانیان نەکەوتووە، جگە لەوەش بەشێکیان لەپڕ تف دەکەن یان بەکوردیی خۆمان لەناکاودا زۆر توڕەو هەڵچووانە دەست دەوەشێنن.

ئاڤێستا مەحمود–خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی وتی: هەر شێتێك سلوکێکی هەیە، هەیانە بەس کاغەز و شتی پیس و پەڕۆ و پارچە قوماش کۆدەکاتەوە، هەیانە بەردەوام جنێو دەدات، هەیانە سواڵ دەکات، هەریەکەی بەجۆرێك، هەشیانە قسە بەئافرەتان دەڵێت یان کردارو ڕەفتاری ناشیرین لەبەردەم کچاندا دەنوێنێت کە من لێرە نامەوێت باسیان بکەم، حکومەتی هەرێم چی زۆرە؟ پارەو سامانی زۆرە، دەبێت وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی هەردووکیان بیر لەوەبکەنەوە شێتخانەیەك دروست بکەن.

نینا بەکر–خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی، ئەویش هاوڕای (ئاڤێستا)ی هاوڕێی بوو و گوتی: لەهەموو شارێکدا دەبێت شێتخانەیەك هەبێت، بلاوبوونەوەی ئەو شێتانە بەسەر شەقامەکاندا، هەم بۆ کەسوکاری ئەو شێتانە ناخۆشە هەم بۆ خەڵکی شاریش، دەبێت حکومەت شێتخانە بۆ سلێمانی دروست بکات، شەو و ڕۆژ دەڵێن سلێمانی واپێشکەوتووە و گوایە شاری ئەدەب و ڕۆشنبیرییە بەلام شێتخانەیەکی تێدانییە.

ڕۆژین دلشاد – خوێندکاری زانکۆی سلێمانی، پێی وابوو زۆرێك لەو خەڵکانە کە پێیان دەوترێت شێت ڕەنگە کێشەی دەروونیان هەبێت، کە قابیلی چارەسەرکردنە، وەك دەڵێن لەم ولاتەدا مرۆڤی ئاسایی و ساغیش تووشی شێتێتی دەکەن، جا ئەوە لەمە مەپرسە کە حەڵکانێك تووشی گرفتارییەکی دەروونی بووبێت، زۆرجار بینیومە شێتی کەرکوك و هەولێریش هاتوونەتە ئەم سلێمانییە، بەڕاستی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر عەیب و شەرمە کە تاوەکو ئێستا نەخۆشخانەیەکی دەروونی نەکردۆتەوە، لەهەموو ولاتە پێشکەوتووەکان لەزۆرێك لە گەڕەکەکانیشیاندا پزیشکی تایبەتی دەروونی هەیە بەلام زۆر بەداخەوە لەم ولاتەی ئێمەدا بایەخ بەتەندروستی نادرێت و وەك شتێکی بایەخدار سەیری ناکرێت.

ئەگەر بەڕاستیش قسە بکەین هیچ ولاتێك نییە بەقەد ئێمە پێویستی بەنەخۆشخانەی دەروونی و پزیشکی دەروونی بێت، لەبەرئەوەی ئێمە هەتاوەکو ئێستا لەقۆناغی جەنگداین، لەو ولاتانەی کە جەنگ و برسێتی و بێکاریی بوونیان هەیە و ڕووی تێکردوون نەخۆشی دەروونی و شێتی تیایدا پەرە دەستێنێت، من داواکارم کە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بایەخ بەبواری تەندروستی دەروونی بدات.

نزار مارف– فەرمانبەر وتی: ئەگەر بەڕاشکاویی قسە بکەین، دەبێت نەك داوای یەك نەخۆشخانەی دەروونی بکەین لەیەك شاردا بەڵکو دەبێت داوای ئەوە بکەین لەهەموو گەڕەکەکاندا نەخۆشخانەی دەروونی بکرێتەوە و پزیشکی دەروونی تێدابێت، ئەوەش زۆر گرنگە کە حکومەت و وەزارەتی تەندروستی بیر لەوەبکاتەوە کە بەزووترین کات نەخۆشخانەیەکی دەروونی بۆ هەموو ئەو خەڵکانە بکاتەوە کە عەقڵیان لەدەستداوە، چونکە ئەوەی دەبینرێت لەسەر شەقامەکان دیمەنێکی ناشارستانین کە خەڵك گاڵتە بەو کەسانە دەکەن و ئەوەندەی تر شێتیان دەکەن.

من ئاگام لێیەتی کە خەڵك هەیە کەسێك لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان گرفتی دەروونی هەیە یان شێتە بەلام ڕێگەی پێنادەن بەهیچ جۆرێك بێتە دەرەوە بۆ بازاڕو کۆڵان و لەماڵەوە بەزنجیر بەستوویانەتەوە کە ئەمە هەم بۆ ئەو مرۆڤە ناخۆشە، هەم خێزانەکەشیان ژیانیان لەو ماڵەدا لێ تاڵ بووە و بەتەواوەتی هەراسان بوون، بۆ نموونە لەم ڕۆژانەدا یەکێك لەو نیمچە شێتانە یەك دانە قورئانی پیرۆزی لەکتێبخانەی مزگەوتێك دزیبوو و بەدەم بیرەخواردنەوەوە، سوکایەتی بەقورئانەکە دەکرد، بەڕاستی ئەوە هەستی زۆر کەسی بریندار کرد، من داوا لە وەزارەتی تەندروستی دەکەم ڕێگە چارەیەك بدۆزێتەوە و لەم قۆناغەدا حکومەت پارەی زۆرە، کردنەوەی یەك دوو نەخۆشخانەی دەروونیش پارەیەکی زۆری ناوێ و دەتوانێ ئەم کێشەو دیارە ناشارستانییە چارەسەر بکات.

دەربارەی نەبوونی یەکەی چاودێریی ئەو نەخۆشخانە، (دکتۆر شێرکۆ عەبدولا) بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی وتی: بینایەك بۆ ئەو مەبەستە دروستکراوە لەنزیك کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە، کاتی خۆی بیناکە سەر بەنەخۆشخانەی شۆرش بوو، ئێستا فراوانکاریی تێداکراوە و ئەمساڵ تەواو دەبێت و تایبەت دەبێت بەنەخۆشییە دەروونییەکان، بەلأم تەنیا ئەوە چارەسەری کێشەکە ناکات چونکە کێشەکە زۆر لەوە گەورەترە بەمە چارەسەر بێت، زیاتریش ئەمە پەیوەندیی هەیە بەوەزارەتی کاروباری کۆمەلأیەتییەوە.

دواتر دەربارەی نەبوونی شێتخانە وتی: خۆی ئێستا تەوەجوهی ولأتانی ئەوروپی ئەوەنییە نەخۆشخانەی دەروونی هەبێت، لەوێ ئەو کەسانەی کێشەی کۆمەلأیەتیان هەیە وەزارەتی کۆمەلأیەتی سەرپەرشتیان دەکات، ئەگەر نەخۆشیش دەکەون دکتۆر دەچێت سەردانیان دەکات. بەلأم وەك شەماعی کە کارەبایان لێبدەن و بەزنجیر بیانبەستنەوە ئەوە باوی نەماوە لە دنیادا، ئەوەی ئێمە دروستی دەکەین سەنتەرێکی ڕاهێنانە بۆ ئەوانەی نەخۆشیی دەروونیان هەیە بەتایبەتی بۆ ژنان و مندالأن.

لەکۆتاییدا دکتۆر شێرکۆ وتی: بڕوا ناکەم ئەم نەخۆشخانەیەی دەیکەینەوە بەشی هەموو ئەو کەسانە بکات کە تووشی نەخۆشی دەروونی بوون چونکە لەشارەکانی تریش ئەم نەخۆشخانەیە نییە، پرۆژەکە وایە تایبەتە بەهەموو کوردستان.